ڕێنوێنیەکان بۆ پێشگیری لە تووشبوون بە کرۆنا لە کاتی ڕەمەزاندا

ڕەمەزان پیرۆز بێت. ئەمڕۆ سێ شەم ١٣ی ناپریل ڕەمەزان دەسپێدەکا و زۆر لە موسوڵمانان بە ڕۆژوو دەبن. لەم نووسراوەیەدا دەتوانی لینک بۆ وەرگرتنی زانیاری گرینگ سەبارەت بە ڕێنوێنی بۆ تووشنەبوون و ڤاکسین ببینی.

ئێمە دەزانین کە دابونەریت وایە کە لەم کاتانەدا بنەماڵەکان و هاوڕێکان کۆبوونەوە بکەن. بە داخەوە ئەو ئیشە ئەمساڵ ناتوانن بکەن. ڕێ نادرێ زیاتر لە دوو مێوانت هەبێ لە ماڵەوە.

ئەگەر دەخوازن کۆبوونەوە بکەن دەبێ بە شێوەی دیجیتاڵ بێ. ئەوە شمووڵی هەموو جۆرە کۆبوونەوەیەک دەکا.

گرینگە کە هەمووان پێڕەوی ڕێنوێنیەکانو یاساکانی بەرگری لە تووشبوون بە کرۆنا بن تاکو کاتەکانی ڕەمەزان بۆ هەموولایک ئەمن بێتوو کەس تووش نەبێ و تووشبوون زۆر نەبێ.

ڕەمەزان و ڤاکسین

شەبەکەی وتووێژی موسوڵمانان و ڕێنوێنەرانی موسوڵمانانی نۆروێژ جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە بەڕۆژووان دەتوانن ڤاکسین وەربگرن، کە واتە هەموو ئەو کەسانەی کە پێشنیاری ڤاکسینیان لە داهاتوودا پێ دەکرێ دەتوانن بە ئاسایی کوتانیان بۆ بکرێ.

لە ناوەندی تەندروستی گشتی ڕێنوێنیەکان بۆ تووشنەبوون لە ڕەمەزاندا لە ڕێگەی ئەم لینکەوە ببینە:

https://www.fhi.no/nyheter/2021/smittevernrad-for-ramadan/

ئێمە ئاواتی ڕەمەزانێکی ئەمن و سەرکەوتوو بۆ دانیشتوانی موسوڵمانی کریستیانساند دەکەین.